


# شێرزاد حەسەن

## تا لە تەمەندا هەڵکشێی ئینجا تێدەگەیت چەندین کەس لەناوتا هەبوون و قسەت لەگەڵ نەکردون و حەزت پێ نەکردوون بەڵام هەموو ئەوانە تۆ بوون

بەشی دووەم

دیداری مەریوان هەڵەبجەیی

**●لە بەشی دووەمی ئەم چاوپێکەوتنە دا مامۆستا شێرزاد حەسەن پەردە لەسەر چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی لادەدات و خوێنەر ئاشنا دەکات بەسەرەتاکانی چونە نێو دونیای نوسینی و ئەو پاشخانە فیکری و کۆمەڵایەتییەش دەخاتە روو کە لە پشت چیرۆکەکانی ئەوەوە دەبینرێن .**

**شێرزاد حەسەن لەم بەشەدا بە قوڵی قسە لە رەنگدانەوەی تیۆرە دەروونییەکان دەکات لە ژیانی هەریەکەمان و لەوێشەوە بۆنێو چیرۆکەکانی کە دەقاودەق گواستنەوەی واقیعی راستەقینەی ئێمەیە دور لە رتوش و دەستکاریکردن لەم بەشەدا تێڕوانینەکانی شێرزاد حەسەن لەسەر کۆمەڵێ بابەتی گرنگ دەخوێنێتەوە ، لەمەشدا پەیڕەوی لەو راشکاوییەکردووە کە بەدرێژایی تەمەنی پێیناسراوە .**

**ڤین : لە کارەکانی تۆدا لە حەسارەوە تا چیرۆکە کورتەکان کاریگەری فرۆید دیارە، چۆن بوو فرۆید سەرسامی کردیت تا ئەو ڕادەیەی تیۆرییەکانی لە پانتایی بەرهەمەکانتدا دیار و بەرجەستەبێت ؟**

**شێرزاد حەسەن :** دەکرێ بڵێین ئێمە لەڕووکەشدا لە بەیانییەوە تا ئێوارە کۆمەڵێك دەمامك دەبەستین، فرۆید توانی ئەو دەمامکانە لابەرێت، بەکورتی وەك ڕستەیەکی چیخۆف وایە کە ئەڵێ من کە ئەنوسم ئەمەوێت پێت بڵێم دۆزەخێك لەژێر پێتدا هەیە، بۆیە دەنوسم ئەمەوێ تێتبگەیەنم لەژێر پێتا دۆزەخێك هەیە. من بڕوام وایە یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتییدا دەرونزانێ دێت و پەیدا دەبێت و دەڵێ سەیرکە، سەیری خۆت بکە بزانە چ دۆزەخێك لە ناوتایە، چ شەوەزەنگێك لەناوتایە، تۆ لە ئەشکەوتێك دەچی پڕ لە جانەوەر و پڕ لە حەلاڵ و حەرام و پڕ لە ترس و شەرم و لە دوودڵی و لە ڕاڕایی و لە دەیان نەخۆشی، بەڵام تۆ نایانبینی. فرۆید هات چیرۆکی ناو عەیادەکانی خستە سەر کاغەز و بڵاویکردنەوە و گوتی ئەمانە ئەو کەسانەن کە لەسەر جادە تێئەپەڕن و کەس نایانبینێ کە چەندە ناساغن بەڵام سەیرکە چەند خەستە و نە خۆشن.

فرۆید ئەوکەسەیە توانی پێمانبڵێ کە هەر هەمومان نەخۆشین، ئەو ڕستەیەی زۆر جوانە و من هەزار جار دووبارەم کردۆتەوە کە دەڵێ مرۆڤ وەك چیای سەهۆڵینە، نۆ لەسەردەی لە ژێر ئاودایە تەنیا یەك لەسەر دەی لە ئێمە دیارە. من بە تەواوەتی بڕوام بەو ڕستەیەی فرۆید هەیە کە کەسایەتی ئێمە نۆ لەسەر دەی شاراوەیە، ڕەنگە شتێکی زۆرکەمی خەڵك ببینێ بۆیە ئێمە هۆشیارییەکی درۆزنانە و موزەیەفمان هەیە، هەندێجار من بە قوتابییەکانی خۆم یان بە هاوڕێکانم یان بە خێزانەکەم، دەڵێم حەقیقەتی من لەناو خەونەکانم دایە ناتوانم بۆئێوەی باسبکەم چونکە ئەگەر خەونەکانی خۆم بۆ ئێوە بگێڕمەوە ئێوە لێمقبوڵناکەن. بۆ نمونە شەوێك لەو شەوانەدا من خەونێکم گێڕایەوە بۆ خێزانەکەم، پێموت خەونم دیوە و شەیتانی بووم بە ئافرەتێکی ترەوە بەس نازانم



کێ بوو. دەیویست بزانێ روخساری چۆنە ؟ ئەم ئافرەتە کێیە ؟ ئایا ناسراو بووە ؟ یەعنی دەیویست بزانێ کێ بووە، وتم گرنگ ئەوەیە تۆ نەبووی ئیتر شیرین بوو بەفرین بوو یان هەمین بوو گرنگ ئەوەیە تۆ نەبوویت، بەڵام من شەیتانی بووم بە ئافرەتێکی ترەوە کە تۆ نەبوویت لە کاتێکدا کە لەلای تۆدا خەوتبووم، حەقیقەتی من بەشێکی لەگەڵ کەژاڵدایە کە لەگەڵی نوستووم و بەشێکی وا لەو خەونەدایە کە بە ژنێکی ترەوە دیم و لەگەڵ ئەویشدا نوستووم. ئیتر ژیان وایە ئەبێ لەوێدا قەناعەت بکەیت کە کۆی خەونەکانی تۆ حەقیقەتی تۆیە نەك کۆی ئەو قسانەی کە من ئێستا بۆ تۆی دەکەم. ئەمەی من بۆتۆی باسدەکەم قسەیە، هۆشیارم چی دەڵێم، رەنگە ئێستا دەیان درۆت بۆ بکەم بەڵام حەقیقەتی من وا لەوێدا کاتێ لەژێر بەنجدام، کاتێ کە زۆر دەخۆمەوە، کاتێ زۆر تووڕە دەبم یان کاتێ خەون دەبینم. حەقیقەتی من لەوێدایە کاتێ کە دەمخەنە ژێر تەنویمی موگناتیسیەوە و دەست بە دانپیانانەکانی خۆم دەکەم. هەریەك لە ئێمە چەندین کەسایەتی تیایە، من لەم رۆژانەدا وتم لەوەتەی لە فینلەندا گەڕاومەتەوە تێگەیشتووم کە من بەتەنیا یەك شێرزاد نییم و چەندین شێرزادم لەناودایە و دەمەوێ هاوئاهەنگییەك بدۆزمەوە لەنێوان ئەو شێرزادانەدا، ئاشتەواییەك بکەم لە نێوانیاندا و ئاشتییان بکەمەوە. من نازانم لەبەینی ئەم شێرزادانەدا من کامەم، تا بەرەو پێشەوە ئەڕۆم خۆم لێوندەبێ ، پێچەوانەی ئەو قسەیەی کە ئەوترێ تا بەرەو تەمەن بڕۆی خۆت ئەدۆزیتەوە، تۆ تا لەتەمەنا هەڵکشێی ئینجا تێدەگەی چەندین کەس هەبووە لەناو تۆیا کە قسەت لەگەڵ نەکردوون، حەزت پێنەکردوون، بەڵام هەموو ئەوانە تۆ بوون، ئەوەی کە دڕندە بوو و ئەوەی کە میهرەبان بوو، ئەوەی کە درۆزن بوو و ئەوەی کە دڵسۆز بوو، ئەوەی عاشق بوو و ئەوەی تەڵەکەباز بوو، ئەوەش کە خیانەتی کرد هەموویان تۆ بوون.

**لڤین : مامۆستا کەڵکوەرگرتن لە تیۆری فرۆید تا چەند بە گونجاو دەزانی لە ئەدەبیاتدا و بە گشتی پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و دەرونشیکاری چۆن دەبینی ؟**

**شێرزاد حەسەن** : دەزانی من لەبەرچی فرۆیدم وەك دەرونزان خۆشدەوێ لەبەرئەوەی یەکەم کەس بووە لەمێژووی مرۆڤایەتییدا کە باسی ئەو شەوەزەنگە دەکات لە ناخی مرۆڤ، لە وجودی مرۆڤ، لە بوونی مرۆڤ و لە ئەقڵی مرۆڤدا بووە و پێشتر دەرکی پێنەکراوە، فرۆید کەسێك بوو توانی هەڵکۆڵینێك لە ناو رۆحی ئینساندا بکا و شتە شاراوەکان پیشانبدات، لە کلینیکەکەی خۆیدا وتی جیاوازی من لەگەڵ پزیشکەکانی تر ئەوەیە قودرەتێکی سەیرم هەیە لە گوێگرتن لە نەخۆشەکانم، بە شەش مانگ، بە ساڵ لەکاتێکدا دکتۆرەکانی تر دەرمانیان بۆ دەنوسن. بۆیە من فرۆیدم خۆشەوێ لەبەر یەك هۆ لەبەرئەوەی باسی نەست دەکات. ناخودئاگا، کە بە بڕوای من سەرچاوەی سەرجەمی ئەو شتە شاراوانەیە کە لە مرۆڤدا هەیە ، من ناڵێم فرۆید ئاسانە، من پیاوێکی دەروونناس نیم و زۆر زیرەکیش نیم لەو بوارەدا بەڵام خوێنەرێکی دەروونزانیم و ناتوانم وەڵامی پرسیارێکی قورسی وەك ئەوەی بۆ بدەمەوە بەڵام بڕوام وایە ئەمڕۆ نەك هەر ئێمە بگرە هەموو مرۆڤایەتی بەبێ دەرونزانی ئیشی پێناکرێ، لە سیستمی عەسکەرتارییەوە ئەیگرێتەوە هەتا ئەگاتە پلەکانی خوێندن، تا دەگا بە خەستەخانەکان، تا دەگا بە شێتخانەکان، تا دەگا بە هەمو توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمرۆ لە رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا تۆ ئەگەر لەسەر ئاستێکی دەرونزانی قسەنەکەی هیچت پێناکرێ، ئەمڕۆ سیاسەت و گەمەی ناو سیاسەت هەمووی بە دەروونزانییەوە بەندە، من نازانم بەبێ دەروونزانی ئەسڵەن چۆن ئیشدەکرێ ؟ کە تۆ دەڵێی دەروونناسی واتە شتێك هەیە لەمرۆڤدا دەبێ بەردەوام بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە، تۆ ئەگەر ئەو رۆحە نەدۆزیتەوە و ئەو کەسە نەناسی و شتە شاراوەکانی نەزانی چۆن گفتوگۆی لەگەڵ دەکەی، چۆن وانە بە قوتابییەك دەڵێی لە پۆلەکەتدا، من مامۆستا بووم کە دەچوومە پۆلەوە بیرم لەوە دەکردەوە لەڕووی رەوانی رووحییەوە ئەم قوتابییانەم لە چ دۆخێکدان ئینجا هەوڵمدەدا دەرسی ئینگلیزییان پێبڵێمەوە، قەت بیرم نایە ئینگلیزییم پێش خوێندنەوەی رەوانی رووحی پێگوتبێتن، هەمیشە لایەنە رووحییەکەم بەلاوە گرنگتر بووە چونکە تۆ ناتوانیت بچیتە پۆلێك بڵێی دەبێ فێربن لە کاتێکدا ئەوان هەموویان وێرانن. گەمەی خۆشەویستی چۆن دەڕوا بەبێ ناسینی ئەویتر، بەبێ ناسینی ئەو رۆحەی تر. جەنگ چۆن بەڕێوە دەڕوا بەبێ ناسینی دەرونزانی، بەبێ رەوانشوناسی. هیچ گەمەیەك لەسەر ئەم زەوییە بەبێ دەروونزانی ناڕوات بەڕێوە، لێرەشدا تەنها کۆمەڵگای کوردی قوڕبەسەرە کە تا ئێستا ژمارەی پزیشکانی دەروونناسی ناگاتە سێ چوار کەس بەڵام لە ئەمریکا کە وڵاتێکی زۆر پێشکەوتووە بە حیسابی ئێمە، دەوڵەمەندترین کەسی دوو کەسە، پارێزەر و دەروونناس، لەبەرئەوەی عەیادەکان بەردەوام پڕن لە مرۆڤی نەخۆش، بەردەوام لە رۆژئاوا ژمارەی نەخۆشەکان لە ساغەکان زۆرترن کە ئێستا کۆمەڵگایەکە بە حیسابی ئێمە زۆر کراوەیە بەڵام پڕە لە دەردو درم، بۆیە دەوڵەمەنترین کەس لە رۆژئاوا دەروونناسێکە لەگەڵ پارێزەرێك لەبەرئەوەی پڕە لە کێشە و گرفت و ململانێ، وجودی خودی ژیان ململانێیە چۆن تۆ ململانێ بەڕێوەدەبەی بەبێ تێگەیشتن لە دەروونناسی، بۆیە نەك کۆمەڵگای کوردی بگرە کۆمەڵگای زۆر پێشکەوتووش لە رۆژئاوا ئەمڕۆ پێویستی بە دەروونناسییە. من بۆ دە مانگ لە فینلاند پەنابەر بووم بەردەوام یەکێك بە دوامەوە بوو، ژنێك دەروونناس بوو چاودێری منی دەکرد تا بزانێ بۆ دەگریم، بۆ خەم دایگرتووم، بۆ مەلولم، بۆ زەبوونم و بۆ تاقەتی ئاهەنگم نییە ، کەواتە من

وەك پەنابەر یەكێك بەردەوام چاودێرییم دەكا تا تێبگات من بەرەو شێتی ئەڕۆم یان نا، هەڵبەت هیچ ئیشێ بەبێ دەروونناسی ناكرێ .

**لڤین: بگەڕێینەوە بۆ پرسیارێک کە دەبوایە لەسەرەتاوە بیکەم، دەستپێکردنی جەنابت بە شیعر بوو نەک بە چیرۆک، زۆربەی چیرۆکنووسەکانی ئێمە لە سەرەتادا بە شیعر دەستیانپێکردووە . لێرەدا ئەو گوتەیەی فاکنەر دێنینەوە کە ئەڵێ هەر چیرۆکنووسێک شاعیرێکی شکستخواردووی لەناوخۆیا داناوە. تۆ سەرەتا بە قانع سەرسام بوویت، بەڵام بەگشتی دنیای شیعر بەلای تۆوە چۆن بوو، چەند شیعرت بڵاوکردۆتەوە ؟**

**شێرزاد حەسەن:** من تا ئێستاش شیعر دەنووسم بەڵام کەمیان بڵاودەکەمەوە، ئەوانە شیعر نیین و نازانم چین، هەناسەیەکە کە چیرۆك نییە، هەن پێمدەڵێن شیعرەکانت ئەوانەی بەناوی هەناسەی شیعرەوە دەیاننوسی شیعرن، من لەوانەیە ئەم هاوینە دیوانێك چاپ بکەم. بڕوام بەوەش هەیە کە هەموو کەسێك لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا کەلەسەر ئەم زەوییە ژیابێ رۆژێك لە رۆژان شیعری نووسیوە، کەس نییە شیعری نەنوسیبێ، لەبەرئەوەی تۆ یەکەم سەرسامی، یەکەم خۆشەویستی، یەکەم خۆناسی، یەکەم زمان واتلێدەکات کە هەستێکی تازە لەلات بجوڵێ و بورووژێیت و شیعر بنووسی، رەنگە شیعر نەبێ بەپێودانگی شیعری راستەقینە، یا لەڕووی ئیستاتیکی و جوانناسییەوە سەیری ئەو شیعرە بکەین رەنگە هەناسەیەك یان کەفوکوڵێك بێ...ئەوە منیش نییم بە تەنیا کە دەڵێم لەسەر ئەم زەوییە کەس نییە شیعری نەنووسیبێ، تا ئەو شوێنە بزانم هیچ کەسێك نییە لە ژن و لەپیاو رۆژێکلەرۆژان شیعرێك، یان دوان و سیانی نەنووسیبێ و ئەوەندەی من ئاگام لێبێ وە دڵنیاشم لەو قسەیەی خۆم هیچ نوسەرێك و هیچ هونەرمەندێکیش نییە لەسەر ئەم زەوییە شیعری نەنووسیبێ، بەڵام دوایی تۆ کامڵتر دەبی و تەمەنت هەڵدەکشێ و رەنگە ببیتە چیرۆکنووس یان وێنەکێش یا شاعیر یا رەنگە مۆسیقابژەنی، یا رەنگە ببیتە سیاسەتباز یا لەوانەیە ببیت بە راوچی یا بە ئاسنگەرێکی باش، ئەکرێت ئیتر جیاببیتەوە و برۆیت. حەزم نەدەکرد بمگەڕێنیتەوە ناو پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکەی گۆڤاری رەهەند، چونکە ئەوپرسیارانە لەوێ کۆتاییان هات بەڵام تازە من ناچارم وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، یەکەمجار بە شیعر سەرسام بووم و سەرسامییەکەشم لە قانعەوە بوو، ئەوکاتە زۆر منداڵ بووم و ئەو شیعرەیم خوێندەوە کە باسی لێفە شڕەکەی دەکرد ئەمە چەند جارێك لە هەموو گفتوگۆکانم باسم کردووە. هەستمکرد زۆر سەرسام بووم لەبەرئەوەی من تەنها لێفەیەکی شڕم هەبوو کە لەگەڵ خوشك و براکانمان پێیدەخەوتین، ئاخر ئێمە خێزانێکی پڕ منداڵ بووین و خوشك و برای زۆرم هەبوو، هەموومان بە لێفەشڕەیەك دەنووستین، هەستمکرد شاعیرێك باسی لێفەکەی من دەکات بەبێئەوەی لێفەکەی منی دیبێ، بەڵام ئەو باسی لێفەکەی خۆی دەکرد، ئیتر من هەستمکرد سیحری زمان و سیحری ئەدەب و سیحری شیعر لەوەدایە کە باسی شتێك دەکات هەموومان تیایدا هاوبەشین، وەکو ئەوەی یەکێك کە شیعرێکی عاشقانە دەنووسێ و هەستدەکەین باسی ئێمەی کردووە، یان باسی دەردەڵی و ئازاری تلانەوەی جەنگاوەرێك دەکات دوور لە خۆشەویستەکەی یان ژنەکەی یان خاکەکەی، یاخود کەسێك لە غوربەتا، لە تاراوگەدا بیر لە وڵات دەکاتەوە و تووشی جۆرێك لە سۆز دەبێت. هەستدەکەی ئێمە لە زۆر شتدا هاوبەشین بۆیە قسەکردن لەسەر مەرگ، لەسەر غیرە، لەسەر تۆڵە، لەسەر خۆشەویستی، لەسەر سێکس و لەسەر زۆر شتیتر دەبینی کە ئێمە هەموومان هاوبەشین تیایاندا، بۆیە ئەدەب دێت زمانێکی هاوبەش دەدۆزێتەوە، زمانێك کە قسە لەگەڵ رۆح دەکا، دیسانەوە لەگەڵ سۆزدا سەرچاوەکانی جوان پەروەری بۆتۆ بە ئاگادێنێ. بۆیە من بڕوام وایە شیعر یەکێکە لەو زمانە سیحراویانەی دەکرێت خۆی دابڕێ لە زمانی مردوو، لە زمانێك کە زمانی قسەکردنی رۆژانەیە کە هایدگەر پێیدەڵێت ورتەورت و منگەمنگی بێمانا، زۆرجار هەندێ لە فەیلەسوفەکان یان هەندێك هەتا لە شانۆنووسی پوچگەرا زۆر گومان لە زمان دەکەن لەوەدا کە بتوانێ حەقیقەت بڵێ بەڵام هەستدەکەم بەگشتی ئەدەب زمانێك دەدۆزێتەوە بە رادەیەك هەموومان کۆدەکاتەوە لەدەوری خۆی، سیحری ئەدەب لەو کۆکردنەوەدایە، لەوەی کە هەموومان پێیسەرسامدەبین، بۆیە سەیردەکەین دەقێکی ئەدەبی زیندوو هەمیشە هەموومان کۆدەکاتەوە، هەموومان سەرسامدەکا بۆیە من سیحری ئەدەب و هونەر و شیعر بە سیحری سەرسامی دەشوبهێنم، ئێمە کە یەکەمجار لەمنداڵییدا مانگمان بینیوە سەرسام بووین، ئەگەر ئێستاش بەو سەرسامییەوە سەیری مانگ نەکەین کە بە منداڵی بینیومانە شتێکی زۆر گەورەمان دۆڕاندووە لە رۆحی خۆماندا لە چاوی خۆماندا لە دیدی خۆماندا، چونکە شاعیر و هونەرمەند ئەو بوونەوەرەیە بەردەوام وەکو منداڵێك سەرسامە. نیکۆس کازانتزاکی دەڵێ " پێویستە هونەرمەند یا نووسەر یا شاعیر یاخود خولقێنەرێکی ئەدەبی هەمیشە وەکو خودا بێ یا وەکو منداڵ چونکە منداڵ بەردەوام سەرسامە لەبەرئەوەی کە شتێك ئەبینێ پێی تازەیە، یان ئەبێ وەك خودا وابێ چونکە هەموو بەیانیان کە هەڵدەستێ ئەگەر ئەو خەلیقەتێکی دروستکردبێ ئەڵێ ئەمە یەکەمجارە ئەیبینم چونکە خەلیقەتی خۆیەتی و خۆی دروستیکردووە بۆیە بەردەوام سەرسامە" من یەکەمجار شیعر تەئسیری تێکردم، ئەوەش سەرسامی زمان نەبوو بەڵکو سەرسامی دواندنی رۆحی من بوو بە بابەتێك کە لە دەرەوەی منە، ئیدی ئەوە عیشقە، مەرگە یان لێفەشڕەکەیە یان هەرچییەکی تر بوویێت.

**لڤین: چۆن بوو ئەو چەند شیعرەی کە لە گۆڤارەکاندا چاپت کردوون دواتر کۆتنەکردوونەتەوە و چاپتنەکردوون ؟**

**شێرزاد حەسەن:** سەرەتا بۆ پتر لە پێنج شەش ساڵ لە حەفتاوپێنج بۆ هەشتا من شیعرم نووسی، هەستدەکەم ئەو شەش ساڵە لەبەر دوو هۆ شیعرم دەنووسی، یەکەم لەبەرئەوەی وتم من تەنیا و زەبوون و هیلاك بووم، دەبوایە زمانێك بدۆزمەوە و قسە لەگەڵ خۆم بکەم چونکە کەس نەبوو لە دەرەوە قسەی لەگەڵ بکەم. سەگبابی وەکو من کەڕولاڵ بوو و دەبوایە خۆم بدوێنم، چونکە کەس نەبوو لە دەرەوە بیدوێنم. ئینجا لە کەفوکوڵێکی کاتییدا کچێکم خۆشویستووە و نامەیەکم بۆ نووسیوە، کە نەموێراوە نامەکەی بدەمێ شیعرێکم بۆ نووسیوە وە ك وتم یەکەمجار کە شیعرم نووسی نامەیەك بوو دەبوو بیدەم بە کچێك، لەبەرئەوەیش ئەوەندە بێ غیرەت بووم نەموێرا نامەکە بنووسم و کردم بە شیعر.

ئیدی من لەوبەرەوە دیسانەوە وەکو هەر کەسێکی تر هەستمدەکرد کورد چەوساوەیە، ئافرەت و نیشتمان کە لەوهۆنراوەیەدا هەبوون هەردووکیان وەهمێکی غەریب بوون.

**لڤین :گەڕەکی گڵکەند کە یەکێکە لەگەڕەکە کۆن و هەرە هەژارەکانی شاری هەولێر کە تۆ منداڵیی**

**و مێردمنداڵی و گەنجێتییت و تا قۆناغی زانكۆش هەر لەو گەڕەكەدا ژیاویت، ئەو گەڕەكە تا چەند كاریگەری لەسەر ژیان و بەرهەمەكانت هەبووە ؟**

**شێرزاد حەسەن :** زۆر بە كورتی نامەوێ بچمە ناوی، وەك لە سەرەتادا پێموتی گەڕەكێكی هەژارنشین بوو، من خەڵكم دیوە لە گڵكەند لە برسا مردوە، لەبەرئەوەی هاوینانیش دەبووە زەنگاوێكی گەورە هەرچی ئاوی ئەم شارە هەبوو دەهاتە ئەوێ، بۆیە خەڵكم بینیوە خنكاوە وەك لە پێدەشتی كارمامزەكوژراوەكاندا لە شوێنێكدا بە كورتی و بە پەلە باسم كردووە، من وا هەستدەكەم ئەوەی كەڵكم لێبینی ئەو خەڵكە هەژارە بوو، ئەو خەڵكە بێنانە بوو، ئەو خەڵكە بێحاڵە بوو، ئەو

## هیچكەسێك نییە لەم سەردەمەدا شیعری نەنوسیبێت ، چونكە یەكەم خۆشەویستی و یەكەم سەرسامی و یەكەم خۆناسی وات لێ دەكات كە شیعر بنوسیت

خەڵكە توورەیە بوو، ئەو خەڵكە پەست و غەمگینە بوو كە لەوێ ناسیمن. ئەو گەڕەكە پڕ بوو لە چەتە و دز و لەڕێلادەر. برادەرەكانم هەندێكیان بە نەخۆشی مردن و هەندێكیان دەكرێ بڵێم لە برسێتی و لە نەبوونی، هەندێكیان كوژران و هەندێكیان چەقۆكێش بوون. من لە گەڕەكێكدا بووم وەكو پێموتی لەتاو عەشق خەڵك دەچووە گژ ماكەر واتە لەگەڵ ماكەر جووت دەبوو، دیسانەوە من تاكەكەسێك بووم نەموێرا یان بڕوام پێنەبوو یان پێمجوان نەبوو، نازانم بۆچی نەموێرا بچمە گژ ماكەر ؟ من لەو گەڕەكانەدا بووم كە زۆرجار ئافرەتی سۆزانی تیاهەڵدەكەوت كە لەبرسا دەبوونە سۆزانی، لەو جۆرە گەڕەكانە زوو دەزانی كێ سۆزانییە، بیرمە لەبەرچاوی من كە زۆر منداڵ بووم یان زۆر لاو بووم ژمارەیەك ئافرەتم لەو گەڕەكەی خۆمان بە كوژراوی بینی بە دەستی برا و باوكیان. بێنانی و بێحاڵییەكی زۆرهەبوو، لەگەڕەكێكی زۆرهەژار و تاسەرئێسقان نەدار و نەبوودابووم ئەم كاراكتەرانە ئەم كەسایەتیانە ئەم ڕووداوانە دەمێننەوە ، من پێتدەڵێم و ئەمە لە من وەربگرە كە من سەبارەت بە تۆماركردنی ئەم شتە تاڵانە یا ئەم ڕووداوە یا ئەم كەسایەتییە سەیرانە زۆر لەوە ئیفلیج و بێبەهرەترم كە كارێكم ئەنجامدابێ، ئەوەی كە نووسیومە یەك لەسەر هەزاری ئەو شتانە نییە كە من لە ژیانمدا بینیومە. زۆرجار هەستدەكەم كە پیاوێكی زۆر بێبەهرەم ئەگینا دەمتوانی شتی جوانتر بنووسم، تائێستاش خەون بەوەوە دەبینم كە ئەو شتانە لە داهاتوودا تۆمار بكەم، بەڵام خۆم زۆر بێ بەهرە ئەبینم لەو بوارەدا لەبەرئەوەی ئەو حەقیقەتە تاڵانەی، ئەو ئەشكەوت و شەوەزەنگانەی، ئەو پیاو و ژنانەی لەوێدا دیومن و لە منالییەوە لەگەڵما ژیاون زۆر لەوە تاریكتر و قورسترن كە من پێیان بوێرم، تا ئێستا پێیان نەوێراوم و هیچم نەكردووە، بەس خەون دەبینم كە بیكەم. وایدەبینم ئەو گەڕەكانە گەڕەك نەبوون بەڵكو دۆزەخ بوون لەسەر زەوی، بەڵێ دەكرێ بڵێم خەڵك زۆر بە سادەیی دەیانتوانی دڵخۆش بن چونكە ئەو كەسانەی كە لەناو دۆزەخدا بەردەوام ئەسوتێن و ئەگەر لەحزەیەك لە ئاگر دووریانبخەیتەوە ڕەنگە بۆ ئەوان گەورەترین بەهەشت بێ، گەورەترین ئاهەنگ بێ، ئەوانەی زۆر ئەسوتێن بۆماوەیەكی زۆر كورتیش لەو جەهەننەمە دێنە دەرەوە خۆیان بە خۆشحاڵ دەزانن، بۆیە هەمیشە هەستدەكەم كە خەڵك لەوێ بە شتی زۆر بێمانا ئەیانتوانی خۆیان دڵخۆشبكەن بەڵام دواجار هەستمدەكرد ئاگری ئەو دۆزەخەی ئەوان پێیدەسوتێن بەردەوام لە بڵێسەدا بوو.

